# پرۆژەی ناوکیی ئێران، سیاسەتی ئەمریکا و داهاتووی کوردستان ئێران

ئیدریس ئەحمەدی

وەک لە سەردێری وتارەکەمدا دەردەکەوێ، نیازم وایە سێ مەسەلەی گەلێک ئاڵۆز بێنمەبەر باس کە لەڕاستیدا هەریەکیان بۆ ئەوە دەبێ بەتەنیا کۆڕێکیان تەرخان بۆ بکرێ. هەڵبەت پێموایە بابەتی سەرەکیی ئەم کۆڕە، واتە "ڕەوشی ئێستای کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی"، دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوو بابەتەی دیکەدا باس بکرێ. هیوادارم هۆی گرێدانی ئەو سێ بابەتە بە یەکترەوە لەدرێژەی باسەکەمدا ڕوونبێتەوە.

**پرۆژەی ناوکیی ئێران: چۆنی لێکبدەینەوە؟**

سەبارەت بە پرۆژەی ناوکیی ئێران گەلێک قسەکراون و زۆر بابەت بڵاوکراونەتەوە. هەڵبەت زۆربەی ئەو باسانە یان ڕۆژنامەوانین یان دەربڕینی بۆچوونی جیاوازی سیاسیین بەبێ ئەوەی بنەمایەکی تیۆرییان هەبێ. لێرەدا من هەوڵ دەدەم لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە یان دروستره بڵێم لەو ڕوانگەی تیۆرییەوە کە لە توێژینەوەی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوە پێی دەگوترێ 'ریالیزم' یان 'ریالیزمی سیاسی' (political realism) ، لەسەر مەسەلەکە بدوێم.

لە کاتی لێکدانەوەی پرۆژەی ناوکیی ئێراندا دەبێ جیاکارییەک لە نێوان سێ ئاستدا بکەین. ئاستی یەکەمیان سیستەمی نێودەوڵەتییە، دووەمیان ئاستی دەوڵەتییە و سێیەمیان ئاستی تاکەکەسی. ئەم جیاکارییە لە نێوان ئەو سێ ئاستەدا لە توێژینەوەی سیاسەتی دەرەوە زۆر باوە و بۆ هەرکامیان کەڵک لە تیۆریی جیاوز وەردەگیردرێت. کە ئەگەڕێیەوەسەر ئاستی یەکەم، تیۆریی هەرە باو و بەڵک ریالیزمە. هەڵبەت دەبێ ئامازەیەک بەوە بدەین کە 'ریالیزم' زۆرتر دەکرێ وەک نەریتێکی لێکۆڵینەوە و پارادیمێک (paradigm) سەیری بکرێ، تاکو تیۆرییەکی یەکدەست. لێرەدا ناکرێ باس لە هەموو شاخەکانی ریالیزم بکەین.

سەرباری جیاوازیی نێوان شاخەکانی ریالیزم، چەند گریمانەیەک هەن کە زۆربەری هەرە زۆری ریالیستەکان لەسەریان کۆکن :

•سیستەمی نێودەوڵەتی سیستەمێکی 'ئانارکییە' (anarchic) ، بەڵام نە بە مانای نەبوونی نیزام لەو سیستەمەدا بەڵکو بە مانای نەبوونی ئۆتۆریتەیەک لە سەرەوەی دەوڵەتان یان با بڵێین بە مانای نەبوونی 'حکومەتێکی جیهانی'؛

•دەوڵەتان ئەکتەری ئەقڵانین، بەو مانایە کە خۆویستن (self-regarding) و بەوپێیە ئامانجیان پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیانە؛

•جێگە و پێگەی هەر دەوڵەتێک لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا پەیوەندیدراە بە ئاستی دەسەڵات و دەسەڵاتیش لە ئەساسدا دەسەڵاتی نیزامی و ئابوورییە؛

•بە لەبەرچاوگرتنی دۆزی 'ئانارکی' سیستەمی نێودەوڵەتیی هەر دەوڵەتێک دەبێ بۆخۆی ئاساییشی وڵات دابین بکا (یان بەتەنها یان بە پێکهێنانی هاوپەیمانێک لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا)؛

•ئامانجی هەر دەوڵەتێک لەو سیستەمە ئانارکییەدا ئەوەیە کە یان خۆی لە تێداچوون بپارێزێ (survival)یان ئەوی ببێ بە هێزێکی باڵادەست (hegemon);[1]

•کۆی ئەم فاکتەرانە دۆزێکیان پێکهێناوە کە ریالیستەکان پێی دەڵێن گرفت یان دیلێمای ئاسایش (security dilemma) .[2]

کاکڵەی دیلێمای ئاسایش ئەوەیە کە هەوڵی دەوڵەتێک بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆخۆی یان ئەوەی هەوڵبدا بگات بە باڵادەستی، دەبێتە هۆی پێکهێنانی هەستکردن بە مەترسی ئاسایشی لەلای دەوڵەت یان دەوڵەتانی دیکە و لە ئاکامدا دەوڵەتان یان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان یان بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرش دەکەونە فکری وەدەستهێنانی چک یان چکی زیاتر لەوەی کە هەیانە و ئاکامەکی ئەوە دەبێ کە پێی دەگوترێ 'arms race'.[3]

گەر بەپێی ئەو پاشخانە سەرنجێ جێگە و پێگەی ئێران بدەین لە دونیای ئەوڕۆدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو فاکتەرانەی ریالیستەکان باسیان دەکەن لە ئاست سیستەمی نێودەوڵەتی، پاڵپێوەنەرن بۆ ئەوەی ئێران ڕێگەی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی بگرێتەبەر .

شایانی باسە، کە پرۆژەی ناوکیی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1960-1970 و بەپێی هێندێک بەڵگە شای ئێران ئامانجی وەدەستهێنانی چەکی ناوکیی بوو.[4] دەکرێ جێگەی باس بێ ئێرانی ئەودەم کە ئەمریکا پشتیوانی بوو و بەپێی 'ڕیبازی نیکسن' (Nixon Doctrine) لەگەڵ عەرەبستانی سعودی ئەرکی پاراستنی نیزام و سەقامگیری ناوچەکەی پێ بەخشرابوو[5]، چ نیازێکی بە چەکی ناوکی بوو؟ لێرەدا ناکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، بەڵام یەک خاڵی هاوبەش لە نێوان ئێرانی ئەوکات و ئێرانی ئەم سەردەمە هەیە بە بۆچوونی من، ئەویش ئامانجی ئێرانە کە ببێ بە زلهێز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی ئێران وەک دەسەڵاتێکی ئیمپراتۆری. ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەو ڕابردووەی کردووە بە یەکێک لە کۆڵەکە مێژووییەکانی خۆی و خەونی ئیمپراتۆریبوون هێشتا هەر ماوە لەلای ناسیۆنالیستی ئێرانیدا.

هەڵبەت پرۆژەی ناوکیی ئێران دوای شۆڕشی ئیران ڕاگیردرا. شەڕی نێوان ئێران و عێراق و بەکاربردنی چەکی شیمیایی لەلایەن عێراقەوە دژ بە هێزەکانی ئێران و پرۆژەی عێراق بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی بوونە هۆی ئەوە کە ڕێژیمی ئێران پاش 1984 پرۆژەی ناوکی وەگەڕبخاتەوە .

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسییەی کە عێراق پێکیهێنابوو بۆ ئێران و هەروها گۆشەگیربوونی ئێران بەهۆی ململانێ لەگەڵ ئەمریکا لە سەرەتای شۆڕشەوە و چەند فاکتەرێکی دیکە، هەموو لە ڕوانگەی تیۆریی ریالیستییەوە فاکتەری پاڵپێوەنەر بوون بۆ ئەوەی ئێران چەکی ناوکی وەدەستبێنێ بۆ بەرگریکردن لە خۆی و تۆقاندنی (deter) دەوڵەتانی دیکە گەر نیازیان بێ هێرش بەرنەسەری .

هەڵبەت دوای ئەوەی کە موجاهدین خەلق بنکە ناوکییەکانی ئێرانی بۆ نموونە لە نەتەنز ئاشکرا کرد لە ساڵی 2003 و حکومەتی ئێران ناچار بوو دان بە بوونی ئەو بنکە ناوکییانەدا بنێ، کاربەدەستانی ئێرانی هەمیشە گوتوویانە مەبەستیان وەدستهێنانی چەکی ناوکی نییە، بەڵکو ئامانجیان تەنها بەرهەمهێنانی وزەی ناوکییە.

ئەوانەی ریالیستن دەزانن فاکتەری پاڵپێوەنەری گرنگ لە ئاست سیستەمی نێودەوڵەتی هەن بۆ ئەوەی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی لە ڕوانگەی ئێرانەوە کارێکی ئەقڵانی بێ، سەرباری ئەوەی کاربەدەستانی ئێرانی چ لێدوانگەلێک دەدەن لەو پەیوەندییەدا. لە ڕوانگەیەکی ریالیستییەوە جووت نەبوونی مۆتیڤی دەربڕاو لەگەڵ مۆتیڤی واقعی مەسەلەیەکی ئاساییە لە سیاسەتدا و گرفتێکی مێتۆدۆلۆژی پێک ناهێنێ.[6]

بەکورتی، بوونی ئیسراییل و پاکستان وەک دەوڵەتگەلی خاوەن چەکی ناوکی نزیک بە خاکی ئێران و هەروها حزوری ئەمریکا لە ئەفغانستان، ئێراق و وڵاتانی کەنداو هەموو فاکتەری پاڵپێوەنەرن بۆ ئەوەی ئێران چەکی ناوکی وەدەستبێنێ.[7]

بە بۆچوونی من گرنگترین ئاستی لێکدانەوە ئاستی نێودەوڵەتییە، بەڵام پێویست دەکا چەند وشەیەک لەسەر ئاستی فەردی و ئاستی دەوڵەتیش بڵێم. لە ئاست فەردی، ڕەفسەنجانی و هێندێک کەسی دیکە وەک کەسگەلێکی کلیلی دەبیندرێن لە پەیوەندی لەگەڵ وەگەڕخستەنەوەی پرۆژەی ناوکیی ئێران لە ساڵەکانی 1980.[8] هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی داخراوبوونی سیستەمی سیاسیی ئێران، ناکرێ بە دڵنیاییەوە ئەو نەفەرە کلیلیانە دەستنیشان بکەین. بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە لە ئاست دەوڵەت، یان دروست بڵێین لە ئاست بیرۆکراسیی ئێران، دامەزراوەی وا هەن کە بەرژەوندییان هەیە لە بەردەوامبوونی ئەو پرۆژەیە. 'ڕێکخراوی وزەی ناوکیی ئێران' و هێندێک دامەزراوەی دیکە پێویستیان بەو بودجە هەیە کە تەرخان دەکرێ بۆ بەردەوامبوونی پرۆژەی ناوکیی ئێران.[9]

بەکورتی، ئەو سێ ئاستە گرنگن بۆ لێکدانەوەی پرۆەی ناوکیی ئێران. لەم پەیوەندییەدا لەجێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەم کە ئامانجی ئێران بۆ ئەوەی ببێ بە زلهێز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا فاکتەرێکی دیکەی گرنگە کە ئەوە دەگەیەنی ئێران مەبەستی لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی تەنها بەرگریکردن لە خۆی و تۆقاندنی ئەمریکا و ئیسراییل نییە، بەڵکو ئامرازێکی عەسکەری و سیمبۆلیکە لەپێناو گەیشتن بە باڵادەستی لە ناوچەکەدا. ئەمەش بێگومان کەیسی ناوکیی ئێران لە کورەی باکوور جیا دەکاتەوە، چونکە کورەی باکوور زیاتر چەکی ناوکی بە مەبەستی بەرگری و مانەوە پێویستە. لە ئاسی ئایدۆلۆژییش ئەو دوو وڵاتە جیاوازن: لە کاتێکدا مارکسیزم شکستی هێناوە و کورەی باکوور ئامانجی بەرفراوانبوونی ئایدۆلۆژی نییە، ئیسلامی سیاسی دوای ڕمانی سۆڤیەت و شکستی مارکسیزم بووە بە ڕکەبەری فکری و سیاسی لیبرالیزم، و ئێران یەکێکە لەو وڵاتانە کە لەمێژە سیاسەتی بەفراوانبوونی ئایدۆلۆژیی هەیە.

**سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران**

سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران دوای شۆڕشی ئیران و هاتنەسەرکاری حکومەتی ئیسلامی، سیاسەتی پشتیوانیکردنی عێراق بوو دژ بە ئێران بۆ ئەوەی بالانسێک لە نێوان ئەو دوو هێزە هەرێمییەدا پێکبێنێ.[10] دوای هێرشی سەددام بۆسەر کوەیت ئەو سیاسەتە کۆتایی پێهات.

لە سەردەمی ئیدارەی کلینتندا ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران و عێراق سیاسەتێکی گرتەپێش کە لە ساڵی 1993 بە سیاسەتی 'dual containment' ڕاگەیەندرا، واتە سیاسەتی 'گەمارۆدانی دووسەرە' یان گەمارۆدانی هەردوو وڵات.[11]

دوای هاتنەسەرکاری خاتەمی لە ساڵی 1997، ناوبراو لە ڕێکەوتی 7ی جانواری لە چاوپێکەوێکدا لەگەڵ CNN ئامادەیی حکومەتەکەی ڕاگەیاند بۆ گرتنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا. وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا، مادلین ئاڵبرایت، لە ڕێکەوتی 17ی جوونیی 1998دا وەڵامی خاتەمی بە پۆزەتیف دایەوە و نزیکبوونەوە لە ئێران بوو بە سیاسەتی ئەمریکا.[12]

هیوای حکومەتی ئەمریکا ئەوە بوو کە خاتەمی هەم بە ریفۆرمکردن لە نێوخۆی ئێران و هەم بە گرتنەپێشی سیاسەتێکی پراگماتیکی لە ئاست سیاسەتی دەرەوە، بتوانن لەگەڵ ئێراندا پەیوەندی سازبکەنەوە.[13] بەڵام لە سەردەمی خاتەمی‌دا هیچ گۆڕانێک پێک نەهات لە ئاست ئەو مەسەلانەی کە ئەمریکا پەرۆشیان بوو: لەوانە هەوڵی ئێران بۆ وەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی، پشتیوانیکردن لە گروپە تیرۆریستەکان، وەک حیزبوڵڵا و سپۆنسۆرکردنی تیرۆریزم لە ئاستی جیهانیدا، دروستکردنی تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتی لە فەلستین و هێندێک مەسەلەی دیکە .

ڕەوتی ڕووداوەکان دوای ئاشکاربوونی بنکە ناوکییەکانی ئێران و هاتنەسەرکاری توندڕەوێکی وەک ئەحمەدینژاد، پەیوەندی هەردوو وڵاتی ئاڵوز کردۆتەوە. پرسیاری سەرەکی ئێستا ئەگەری هێرشی ئەمریکایە بۆسەر ئێران. وەڵامی ئەو پرسیارەش یان دروستترە بڵێم ئەگەری ڕووداوێکی وا گرنگییەکی ستراتیژی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی هێزەکانی کوردستانی ئێران. گەرچی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاشکاوانە لەسەر ئەو مەسەلە نادوێن، پێموایە لێکدانەوەیان ئەوەیە کە سیناریۆی عێراق لە ئێران دووپات دەبێتەوە یان با بڵێین هیوایان وایە کە ئەمریکا هێرش بکا بۆسەر ئێران .

مەبەستم لە ستراتیژیکبوونی ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ لێکدانەوە، ئیستمبات و چاوەڕوانیی هێرەکانی کوردستانی ئێران نییە، بەڵکو بەو مانایەش کە بە لەبەرچاوگرتنی بەلاناسی دەسەڵات لە نێوان ئەو هێزانە و کۆماری ئیسلامی لەلایەکەوە و شکستی پرۆسەی ریفۆرم لە نێوخۆی ئێران و زیادبوونی چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەکی دیکەوە، ئاسۆی ڕزگاربوونی گەلی کورد یان تەنانەت وەدەستهێنانی کەمترین مافی نەتەوایەتی زۆر ڕوون نییە. بەوپێیە هیچ سەیر نییە کە هیوایەکی زۆر ببێ بە هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران.

**ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران**

گەر سەرنجی چالاکبوونەوە و بووژانەوەی سیاسی لەنێو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بدەین، دەتوانین بڵێین هەر لەو کاتەوە کە سەرۆککۆماری ئەمریکا ئێرانی وەک بەشێک لە 'مێحوەری شووم' لەقەڵەمدا لە ساڵی 2002 و بەدوای ئەوەدا ئەمریکا حکومەتی سەددامی ڕووخاند و دواتر قەیرانی ناوکیی ئێران سەریهەڵدا، دەتوانین کاریگەری گرژیی نێوان ئەمریکا و ئێران لەسەر ئەو ڕەوتە ببینین. ئەوە بەو مانا نییە کە کێشەی نێوان ئەمریکا و ئێران و هیوای کورد بە هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران، هۆی سەرەکیی ئەو چالاکبوونەوە و بووژانەوە. لێرەدا من باس لە دەوری ئەمریکا دەکەم و باسەکەم سنووردارە بەو دەورە و لەو پەیوەندییەدا هیوای هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران.

ئەو بووژانەوە بێگومان پۆزەتیڤە بە لەبەرچاوگرتنی لاوازبوونی بزووتەنەوەی نەتەوایەتی لە کوردسانی ئێران دوای تیرۆرکردنی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و دواتر کۆتاییپێهاتنی شەڕی چەکداری بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکی کوردستان پاش شەڕی کەنداو. لایەنی نێگەتیڤی ئەو پرۆسە ئەوەیە کە شپرزییەکی سیاسی دروست بووە و زۆر کەس و لایەن هەر لە ئێستاوە خۆیان ئامادە کردووە ببن بە دەسەڵاتدار. هاوکات کوردی کوردستانی ئێران لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە لاوازن و من پێم وا نییە ئامادەیی ئەوەیان بێ بۆ ئەوەی لە کاتی گۆڕانی خێرادا لە کوردستانی ئێران ئاسایش دەستەبەر بکەن و بتۆانن دەوری گرنگ لە ئاستی ئێراندا بگێڕن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرانە کە پێوەندیدارن بە مەسەلەی شەڕی دەسەڵات لەنێوان هێزەکانی کوردستانی ئێران و ئەگەری دەستتێوەردانی هێزی 'دەرەکەی' کە هەر لە ئێستاوە حیزبیان دروست کردووە لە کوردستانی ئێران، ریسکی شەڕی نێوخۆی هەیە، ئەگەر بێتو گۆڕانێکی خێرا ڕووبدا. مەسەلەی هەرە گرنگ هەڵبەت کێشەی نێوان کورد و تورکی ئازەرییە لەسەر خاک. ڕیسکی شەڕی سڕینەوەی ئێتنیکی هەیە بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی نێوان کورد و ئازەری دوای شۆڕشی ئێران و بەتایبەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی توندڕەوی ناسیۆنالیستی ئازەری لە ساڵانی دوایی کە تەنانەت شارگەلێک وەک مەهاباد و بۆکان بە خاکی ئازەری دەزانێ!

بە بۆچوونی من پێکهاتن لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزی سەرەکی لەلایەکەوە و حیزبە ئازەرییەکان لەلایەکی دیکەوە لەسەر سنووری کوردستانی ئێران و ئازربایجانی ئێران لە چوارچێوەی 'کۆنگرەی فێدرالی نەتەوەکانی ئێران' نەک تەنها ستراتیژییەکە لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆژەی پێکهێنانی فێدراسیۆنێک لە ئێرانی داهاتوو، بەڵکو بۆ پەیوەندی و پێکەوەژیانی کورد و ئازەری چارەنووسسازە. بەڵام ڕێگام بدەن دیسان و وەک کۆتایی باسەکەم بگەڕێمەوەسەر مەسەلەی ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران و هێندێک نەتیجەگیری لەو باسەی پێشووم بکەم.

***

من لە کۆتایی مانگی مەیی 2006 لە کۆڕێکدا وتارێکم سەبارەت بە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران پشکەش کرد (کە دواتر لەسەر سایتی دیمانە بڵاو بووەوە).[14] ئەوکات لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە بە پێچەوانەی بۆچوونی باو نیزامی نێودەوڵەتی 'یەکجەمسەر' نییە، بەڵکو 'فرەجەمسەرە'. بە واتایەکی دیکە گەرچی ئەمریکا تاکە زلهێزی جیهانە، بەڵام چەندین زلهێزی دیکە وەک چین، ڕووسیە و وڵاتانی ئەوروپی هەن کە بەرژەوەندیی ئەوان هەمیشە جووت نین لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەمریکا و بە شێوەی جیاواز هەوڵدەدەن بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەمریکا.

سەرباری ئەوەی ئەمریکا 23ی دیسامبری 2006 توانی تێکڕای ئەندامانی کۆنسەی ئاسایشی UN قەناعەت پێبێنێ کە دەنگ بدەن بە گەمارۆ دژ بە ئێران، ڕووسیە و چین پەیوەندیی ئابووریان لەگەڵ ئێران هەر هەیە و وڵاتانی ئەوروپی بە ئاسانی ملکەچی ویستی ئەمریکا نابن لە پتەوکردنی گەمارۆی ئابووری لەسەر ئێران.[15] جێگای سەرنجە کە ڕووسیە ئێستاش یارمەتی ئێران دەدا لە پێشبردنی بەرنامە ناوکییەکەی و شایانی باسە کە فرۆشتنی چک بە ئێران لەلایەن ڕووسیەوە لە نێوان ساڵانی 1998 تاکو 2001، 300 میلیۆن دۆلار بوو و لە نێوان ساڵانی 2002 و 2005دا زیادی کردووە و بووەتە 1.7 بیلیۆن دۆلار.[16]

ئەو وڵاتانە پشتیوانی لە 'چارەسەری دیپلۆماسی' قەیرانی ناوکیی ئێران دەکەن و دژی ئەوەن ئەمریکا هێرش بەرێتەسەر ئێران. بەکورتی، بەرژەوندیی وزەیی، تیجاریی و ئابووریی چین، ڕووسیە و وڵاتانی ئەوروپی لە ئێران هەموو تەگەرەن لە بەردەم پشتیوانکردنی ئەمریکا دژ بە ئێران. هەروها پەیوەندی ڕووسیە و ئەمریکا لە ئاڵۆزبووندایە و پوتین لە کۆبوونەوەی حەفتەی ڕابردوو سەبارەت بە سیاسەتی ئاسایش لە موینیخ، ئەمریکای دایەبەر ڕەخنە و گوتی ئەو وڵاتە بەهۆی بەکاربردنی هێزی نیزامی ئاسایشی لە جیهاندا تێکداوە. ڕووسیە هەروها نیگەرانە لە بەرنامەی ئەمریکا و NATO بۆ دروستکردنی سیستەمێکی بەرگری لە موشەک لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. تەنانەت باسی شەڕێکی نوێی سارد لە ئارادایە.[17]

هەڵبەت فاکتەری هەرە گرنگ ئێستا ئەو گرفتانەیە کە لە عێراقدا هەن و لاوازبوونی حکومەتی بوش لە خودی ئەمریکا دوای سەرکەوتنی دیموکراتەکەکان لە هەبژاردنی کۆنگرێسدا و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی دژ بە مانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا.[18]

پرۆژەی نوێ-موحافزەکارەکان[19] (neo-conservatives) دوای گۆڕینی ڕێژیم لە عێراقدا و سەرنەکەوتنی دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەساسێکی سەقامگیر و دیموکراتیک، ئەگەر شکستی نەخۆاردبێ، بەتوندی هێندراوەتەژێر پرسیار. ئەمە هەم لە ئاستی فکری لەلای کۆنە پشتیوانێکی نوێ- موحافزەکارەکانی حکومەتی بوش وەک فرانسیس فۆکۆیاما بەدی دەکرێ و هەم لە سیاسەتی حکومەتی بوش بۆخۆی، کە نیشانەی هەرە باشی سەردانی دوای کاندلیزا رایز بوو بۆ وڵاتی میسر کە سەرباری زیندانکردنی ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگرانی ڕێژیمی میسر، هیچ دەنگی نەکرد.[20]

ئەگەر سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا سەرکەوتبا، دیموکراتیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ئاسۆیەکی ڕوونتری دەبوو و عێراق لەپاڵ کەیسی ئاڵمانی ڕۆژئاوا و ژاپۆن دوای شەڕی دووەمی جیهانی، دەبوو بە نمونەیەکی دیکەی سەرکەوتووی بەدیموکراتکردنی وڵاتێک دوای دیکتاتۆری و شەڕ. لەڕاستیدا عێراق ئێستا لە ئەمریکا و زۆر جێگای دیکەی جیهان زۆرتر وەک 'ڤیەتنامێکی دیکە' چاوی لێدەکرێ - هەرچەند ئەو ئانالۆژییە دروست نەبێ.[21]

هەرچۆنێک بێ، لە زۆر لاوە باس لە شکستی 'ڕێبازی بوش' [22] (Bush Doctrine) دەکرێ و باس لە گەڕانەوەی نەریتی ریالپۆلیتیک (Realpolitik) دەکرێ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کە نوێنەری هەرە ناوداری هێنری کیسەنجرە.[23] هەڵبەت دوای ئەوەی بوش پێشنیارەکانی 'ڕاپۆرتی بەیکر-هامیلتنی' ڕەدکردەوە، ئەو پێشبینییە بەتەواوی دروست دەرنەهات. بەڵام ئەوەی کە گرنگە لێرەدا لەبەرچاو بگیردرێت ئەوەیە کە ڕوون نییە کە کاریگەری نوێ- موحافزەکارەکان چەندە بووبێ و ڕەنگبێ دروست نەبێ ئەوەی بە 'ڕێبازی بوش' ناوزەد کراوە، بە ڕێبازێکی تەواو تازە لە سیاسەتی ئەمریکادا ببینین.
گەرچی ئەمانە هەموویان مەسەلەگەلێکی ئاڵۆزن و ناکرێ لێرەدا بەوردی لەسەریان بڕۆم، دەمەوێ ئەو نتیجەگیرییە لەو باسە سەرپێیە بکەم لە پەیوەندی لەگەڵ داهاتووی ئێران و کوردستانی ئێران.

پێموایە ئەمریکا لەڕێگەی چارەسەکردنی کێشەی کورەی باکوور، دیتەنەوەی چارەسەری بۆ کێشەی فەلستین و ئارامکردنەوەی دۆزی لوبنان و هاوکات بە پتەوکردنی گەمارۆ لەسەر ئێران، ئەو وڵاتە ناچار بکا واز لە پیتاندنی یۆرانیۆم بێنێ و سازانێک لەگەڵ ئێراندا بکا. هەڵبەت وەک سەرەتا باسم کرد، پرۆژەی ناوکیی ئێران پرۆژەیەکی ستراتژییە و ئێران دەست لە پرۆژەکەی هەڵناگرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆر لە پسپۆڕان پێانوایە 5 تا 10 ساڵی دیکە دەخایەنێ تاکو ئێران چەکی ناوکیی بەدەستبێنێ، مەسەلەی ناوکیی ئێران دەبێتە سەرئێشەی حکومەتی دوای بوش‌یش.

ئەو کاتەی ئێران چەکی ناوکیی بەرهەمهێنا، ئەمریکا یان ناچارە دەبێ تەحەمولی بکا یان ئەوەی پێش ئەوەی ئەو پرۆسە بە ئاکامی تەوات بگات، بنکە ناوکییەکانی لەنێو ببا.

ئەمانە هەموو باسکردنی سیناریۆی دوور و نزیکن و بە بۆچوونی من سیاسەتی ئەمریکا لە حاڵی ئێستادا سیاسەتێکە کە دینامیکە (بەو مانایە کە خۆیان نەبەستووەتەوە بە ئالترناتیڤێکی دیارکراو) و دەتۆانی ئاکامی جیاوزی بێ .

بەکورتی و بە کۆنکرێتی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران باس لە دوو سیناریۆ دەکرێ:
سیناریۆی هێرشی زەمینی: بەپێی هێندێک کارناسی سیاسی، ئەمریکا پێویستی بە هێزێکی سەربازی زۆرە بۆ ئەوەی بتوانێ هێرشی زەمینی بکاتەسەر ئێران. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە ئەمریکا لە عێراقدا 'گیری' کردووە، بۆتە مەسەلەیەکی دژوار. هەروەها ئێران جیاوزیی هەیە لەگەڵ عێراق لە چەند ڕووەوە؛ 1) لە ڕووی جوگرافیاییەوە ئێران زۆر لە عێراق مەزنترە کە مەیدانی شەڕی زەمینی دژوارتر دەکا؛ 2) ئێران ئەرتەشێکی مەزنتری هەیە کە بە بەراوردکردن لەگەڵ عێراقدا خاون چەکی باشترە و بەتایبەتی ئێران خاوەنی موشەکی دوورهاوێژە کە دەتوانێ زیانی گەورە بە هێزە ئەمریکییەکان بگەیەنێ؛ 3) دانیشتوانی ئێران چەند بەرابەری دانیشتوانی عێراقە کە ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی کەیسی عێراق، مەسەلەی دەستەبەرکردنی ئاسایش لەدوای شەڕ دەکا بە ئەرکێکی زۆر گەوەرەتر.[24]

سیناریۆی لەبەینبردنی بنکە ناوکییەکانی ئێران: ئێران دەرسی وەرگرتووە لە لەبەینبردنی بنکەی ناوکیی عێراق لەلایەن ئیسراییلەوە لە ساڵی 1981 بەوەی کە بڵاویان بکاتەوە و هەروها لە مەڵبەندگەلێکدا دروستی کردوون کە خەڵکیان تێدا دەژین و ئەویش بە نۆرەی خۆی مەسەلەی ڕیسکی کوشتنی خەڵکی مەدەنی زۆر کردووە. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئێران هێندێک لەو بنەکانەی لەژێر زەویدا شاردوونەتەوە.[25]

ئەوەی کە لەو دوایانەدا ئەگەری هێرشی هەوایی زیاد کردووە ناردنی دوو کەشتی فڕۆکەهەڵگرە بۆ کەنداو، بەڵام من پێموایە زیاتر هەڕەشە بە مەبەستی ئەوەی زەخت بخرێتەسەر ئێران کە واز لە پیتاندنی یۆرانیۆم بێنێ.

مەسەلەیەک کە لێرەدا گرنگە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە تەنها هێرشی زەمینییە کە گۆڕینی ڕێژیمی دەبێتە ئاکام. بۆمبارانکردنی بنکە ناوکییەکانی ئێران تەنها بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو بنکانەیە و زۆر کارناسی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە هێرشێکی وا دەتوانێ تەنانەت ڕێژیمی ئێران بەهێز تر بکا. هەروها دەبێ ئەوەیشی لێ زیاد بکرێ کە فاکتەرێکی دیکە کە مەسەلەی هێرشی زەمینی دژوار دەکا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەفغانستان و عێراق، ئۆپۆزیسیۆنێکی ئێرانی نییە کە پشت بە ستراتیژییەکی وا بگرێ و بەتایبەتی- بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی عێراق- بتوانێت ئاسایشی وڵات دەستەبەر بکا بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە نەکەوێتەسەر شانی سەربازی ئەمریکی. لێرەدا ڕای گشتیی ئەمریکا گرنگە، بەتایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی لەدەستدانی سەربازی ئەمریکی لە عێراق و باسکردن لە عێراق وەک 'ڤیەتنامێکی دیکە'. گەلۆ، ئایا لە ڕوانگەی گەل و حکومەتی ئەمریکاوە مەترسیی ئەوە نییە کە ئێران ببێ بە 'عێراقێکی دیکە' ئەگەر بێتو هێرشی نیزامی بکرێتەسەری؟[26]

**کۆتایی**
ئەگەر سەرنجی مێژووی سیاسیی کوردستان ئێران بدەین، دەبینین کە فاکتەری دەرەکی دەوری باڵایان گێڕا لە خۆشکردنی زەمینە بۆ بزاڤی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران لە کاتی

پێکهێنانی کۆمارکی کوردستان. هەروها هۆی ئەساسی بوژاندنەوەی خەباتی نەتەوایەتی دوای شۆڕشی ئێران لەژێر سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتدا، ڕمانی حکومەتی ئێران بوو و بەدوای ئەودا کشانەوەی هێزە عەسکەرییەکانی ئێران لە کوردستان. بەڵام بە بۆچوونی من نابێ هەموو پرۆژەی سیاسیی خۆمان ببەستینەوە بە ئەگەری گۆڕانی ڕێژیم لە ئێران لەلایەن ئەمریکاوە یان ڕوودانی گۆڕانی خێرا لە نێوخۆی ئێران، چونکە ئەگەر شتی وا ڕوونەدەن ڕیسکی ئەوە هەیە تووشی بێهیوایی سیاسی ببین و بگەڕێینەوە بۆ ئەو پاسیڤبوونە کە دوای نەوەدەکان تووشی هاتین.

---

[1] لەم پەیوەندییەدایە ریالیستەکان ڕای جیاوازیان هەیە. هێندێکیان پێیان وایە مەنتقی سیستەمی نێودەوڵەتی وا لە دەوڵەتان دەکا کە بەرگری لەو دەسەڵات و پێگەیە بکەن کە هەیانە و بەو شێوەیە هەوڵی ئەوە بدەن بالانسی دەسەڵاتی مەوجوود ڕاگرن. بەم بۆچوونە دەگوترێ "defensive realism". هێندێکی دیکەیان پێیان وایە سیستەمی نێودەوڵەتی پاڵ بە دەوڵەتانەوە دەنێ کە دەسەڵاتی خۆیان زیاد بکەن و پێگەی خۆیان لەسەر حیسابی دەوڵەتانی ڕکەبەر بەهێزتر بکەن. ئەوان پێیان وایە ئامانجی درێژخایەنی هەر دەوڵەتێک ئەوەیە ببێ بە باڵادەست لە سیستەمی نێۆدەوڵاتیدا. جا بۆیە بەم بۆچوونەی دوایی دەگوترێ "offensive realism". بۆ باسێکی وردتر سەبارەت بەم جیاوازییەی نێوان رایالیستەکان، بڕوانە :

John J. Mearsheimer, *The Tragedy of Great Power Politics*, (New York: Norton, 2001), p. 21.

لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوزییە لە پەیوەندی لەگەڵ پرۆژەی ناوکیی ئێران لەوەدایە کە ئایا ئێران چەکی ناوکی بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆی دەوێ، یان ئامانجی دیکەی هەیە لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی؟ دواتر دەگەڕێمەوەسەر ئەم مەسەلەیە و بەراوەردێک دەکەم لە نێوان پرۆژەی ناوکیی کورەی باکوور و ئێران.

[2] بڕوانە:

Ole R. Holsti, "Models of International Relations and Foreign Policy", *in American Foreign Policy: Theoretical Essays,* ed. by John G. Ikenberry, 5th edition, (New York: Pearson Education, 2006), p. 15; Stephen M. Walt, "The Enduring Relevance of the Realist Tradition", in *Political Science: State of the Discipline*, ed. by Ira Katznelson and Helen V. Milner, (New York: Norton, 2002), p. 200.

[3] بڕوانە:

Holsti, op.cit., p. 15.

[4] بڕوانە:

Larry Diamond, Michael McFaul and Abbas Milani, *Beyond Incrementalism: A New Strategy for Dealing With Iran*, (Stanford: Hoover Institution Press Publication, 2005), p. 7.

[5] بڕوانە:

Steve Yetiv, *Explaining Foreign Policy: U.S. Decision-Making & the Persian Gulf War*, (Baltimore & London: The Johns Hopkins University Press, 2004), pp. 18-19.

[6] بڕوانە:

Mearsheimer, op.cit.

[7] هەڵبەت نادر ئێنتێسار لە وتارێکدا بەوردی باس لە هێندێک لەو فاکتەرانە دەکا و دەڵێ دەکرێ بڵێین ئێران لە کاتی شەڕ لەگەڵ عێراقدا دەلیلی بەجێ بوو بۆ ئەوەی چەکی ناوکی وەدەستبێنێ، بەڵام کێشەی نێۆان ئێران و ئیسراییل زۆر بچووک دەکاتەوە. هەروها سەرنجی ئەوە نادا کە گەرچی پاکستان

مەترسییەکی ڕاستەوخۆ نەبێ بۆ ئێران، بەڵام ئەوەی کە پاکستان و هیند بوونە بە خاوەک چەکی ناوکی لەو دەڤەرەی ئێرانی تێدا هەڵکەوتووە، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی .(nuclear proliferation) پێموایە ئێنتێسار وەک زۆربەری هەرە زۆری لێکوڵەرانی ئێرانی زۆر پەرۆشی ئەوەیە ئەمریکا و ئیسراییل هێرش نەبەنەسەر ئێران، بۆیە یان ئینکاری ئەو فاکتەرانە دەکا کە پاڵ بە ئێرانەوە دەنێن چەکی ناوکی ودەست بێنێ یان گرنگییەکی ئەوتۆیان پێ نادا. گرفتێکی دیکەی ئێنتێسار و هێندیک لێکۆڵەری دیکەی ئێرانی ئەوەیە کە ڕوون نییە لە چ ڕۆانگەیەکی (دەربڕاوی) تیۆرییەوە بۆ مەسەلەکە دەڕۆن. بێجگە لە وتارەکەی ناوبراو، بڕۆانە :

Nader Entessar, "Iran's Security Challenges", *The Muslim World*, Vol. 94, October 2004; Ervand Abrahamian, "Empire Strikes Back: Iran in U.S. Sights", in *Inventing the Axis of Evil*, (New York: The New Press, 2004); Mahmood Monshipouri, "U.S. Policy Toward Iran in Post-War Iraq: Antagonism or Engagement?", *The Muslim World*, Vol. 94, October 2004.

[8] بڕۆانە:

Charles C. Mayer, "National Security to National Myth: Why Iran Wants Nuclear Weapons", MA Thesis in Security Studies, (Naval Postgraduate School, Monterey, California, 2004), chap. III.

[9] بڕۆانە:

Mayer, op.cit., IV.

[10] بڕۆانە:

James A. Bill, *The Eagle and the Lion: The Tragedy of American-Iranian Relations*, (New Haven CT: Yale University Press, 1988), pp. 304-307; Martin Indyk, "The Clinton Administration's Approach to the Middle East" (May 15, 1993), in *U.S.-Iranian Relations: An Analytic Compendium of U.S. Policies, Laws and Regulations*, (Occasional Paper, The Atlantic Council of the United States, December 1999).

[11 ] بڕۆانە:

Indyk, op.cit.

[12] بڕۆانە:

Madeleine Albright, "Speech to the Asia Society" (June 17, 1998), in *U.S.-Iranian Relations: An Analytic Compendium of U.S. Policies, Laws and Regulations*, (Occasional Paper, The Atlantic Council of the United States, December 1999).

[13] بڕۆانە:

Kenneth M. Pollack, *The Persian Puzzle*, (New York: Random House, 2004), pp. xxiv.

[14] بڕۆانە ئیدریس ئەحمەدی، "ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران"، سایتی Dimne.com، 2006.06.01.

[15] بڕۆانە:

Steven Weisman, "Europe Resist U.S. Push to Curb Iran Ties", *New York Times*, Januari 30, 2007.

[16] بڕۆانە:

Lionel Beehner, "Russia-Iran Arms Trade", available at: http://www.cfr.org/publication/11869/. (Accessed on February 10, 2007)

[17] بڕۆانە:

Lionel Beehner, "A Cold War Redux", available at: http://www.cfr.org/publication/12644/cold_war_redux.html?breadcrumb=%2F. (Accessed on February 15, 2007)

[18] بڕۆانە:

Karen DeYoung, "Skepticism Over Iraq Haunts U.S. Iran Policy", *Washington Post*, February 15, 2007.

[19] خاڵە سەرەکییەکانی بیرۆکەی نوێ- موحافزەکار لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەمانەن: 1) گرنگیدان بە بارودۆخی نێوەوەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتی کە ئەگەڕێتەوەسەر مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ؛ 2) بەدگومانی بەرانبەری بەوی کە یاسای نێودەوڵەتی و دامەزراوەی

نێودەوڵەتی وەک UN توانایان بێ کە کێشە سیاسی و ئاسایشییە نێودەوڵاتییەکان چارەسەر بکەن؛ 3) نوێ- موحافزەکارەکان هەروها بڕوایان بەوە هەیە کە دەسەڵاتی ئەمریکا دەبێ بەکار ببەردرێ بە مەبەستی ئەخلاقی. سەبارەت بە نێوەڕۆک و مێژوی هزری نوێ- موحافزەکارەکان بڕوانە:
Francis Fukuyama, *America at the Crossroads: Democracy, Power, and the Neoconservative Legacy* (Yale University Press, 2006).
هەڵبەت دوای 11ی سپتامبر زۆر لایەن لە ئەرمیکا ئامرازی بۆ مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەڕۆن بەو مانایە کە پێیان وایە بلاوکردنەوەی دیموکراسی لەو دەڤەرە دەتوانێ زەمینەی توندڕەوەیی سیاسی لە قاڵبی ئیسلامی سیاسی بنبڕ بکا. بە واتایەکی دیکە، دوای 11ی سپتامبر زۆر کەس پێان وایە ستراتیژیی درێژخایەن دەبێ ئەوە بێ کە هەوڵی دیموکراتیزاسیۆنی دەڤەرەکە بدرێ بۆ ئەوەی کارەساتی وەک 11ی سپتامبر دووپات نەبێتەوە. ئەم بۆچوونە دەکرێ لە ڕاپۆرتی کۆمیسێۆنی 11ی سپتامبر بەدی بکرێ، بڕوانە:
*The 9/11 Commission Report: Final Report of the National Commission on Terrorist Attacks Upon the United State,*, availabe at: http://www.9-11commission.gov/report/911Report.pdf. (Accessed on April 22, 2006)

[20] بڕوانە:

Fukuyama, op.cit.; Michael Slackman, "Rice Speaks Softly in Egypt, Avoiding Democracy Push", *New York Times*, January 16, 2007.

[21] بڕوانە:

DeYoung, op.cit.

[22] بڕوانە:

Philip H. Gordon, "The End of the Bush Revolution", Foreign Affairs, Vol. 85, N. 4, July/August 2006.

[23] بڕوانە:

Gerhard Spörl, "Realpolitik Returns to the Middle East", available at: http://www.spiegel.de/international/0,1518,452908,00.html. (Accessed on December 6, 2006)

[24] بڕوانە:

Paul Rogers, "Iran: Consequences of a War", Briefing Paper, Oxford Research Group, 2006; cf. Pollack, op.cit., p. 383.

[25] بڕوانە:

Rogers, op.cit.

[ 26] بڕوانە:

DeYoung, op.cit.

**بۆ زانیاری:** ئەم بابەتە لە کۆڕێکی سیاسی بە ناونیشانی "ڕەوشی ئێستای کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی" لە ڕێکەوتی 17 فێبروەری لە شاری ستۆکهوڵم پێشکەش کرا. شایانی باسە کە کۆڕەکە بە بەشداری عوسمان ئایتار، دانا سۆفی، عەبدولباست سەیدا و نووسەری ئەم بابەتە بەرێوەچوو و لەلایەن کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سازکرابوو.

www.peshmergekan.eu

**سەرچاوە: دیمانە**